# بانگەوازی ناوەندی هەڵەبجە (چاك) لەكوردستان و سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوە سەبارەت بە خۆپیشاندانی سەرانسەری لە 21-8 ( ڕۆژی دادگایی سەدام لەسەر دۆزی ئەنفال)

### كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان

### كەسوكاری قوربانیانی ئەنفالو جینۆساید

ڕۆژی 8/21ی ئەمساڵ یەكەمین دانیشتنی دادگایكردنی تاوانبارانی ئەنفال دەستپێدەكات، هەڵبەت ئەو ڕۆژە دەبێتە بۆنەیەكی مێژوویی بۆئێمەی كورد، ناجۆرە وەك ڕۆژانی ئاسایی تێپەریٚ، لەبەر ئەوەی لەیەكەمین ڕۆژی هاتنە سەرحوكمی دەسەڵاتدارانی بەعسەوە, ئێمە خەون بە دەرفەتێكی واوە دەبینین، بەتایبەتی لەدوای كارەساتی ئەنفالەوە دادگایكردنی تاوانبارانی ئەنفالو نەخشە دارێژەرانو ئەنجامدەرانی بوونەتە گەورەترین هیوای گەلی كورد بەگشتیوكەسوكاری قوربانیانی ئەنفال بەتایبەتی، هەڵبەت ئەو ڕۆژە ئێمە دەبینە نیشانەی كامێراكانی جیهان، كاردانەوەی تاكی كورد لەو ڕۆژەدا دەبێتە ئاوێنەی تراژیدیاكانی ئەنفالونەفرەتمان لە دەسەڵاتی تۆتالیتاری، دەبا لەو ڕۆژەدا ئێمەی كورد بە خۆپیشاندانی جەماوەریی هەستی بەرپرسیارێتیمان بە هەموو جیهان پیشان بدەینو بۆهەتا هەتایە تاوانباران ریسوابكەینو سەرنجی هەموو جیهان بۆ ئەو رووداوە راكێشین.

### هاوڵاتیانی بەڕێز

### كەسوكاری قوربانیانی ئەنفالوكیمیاباران

)ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالوجینۆسایدكردنی گەلی كورد) و) سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوە) لەزۆربەی وڵاتانی دونیا لەبەردەم باڵوێزخانەكانی عێراق بەگوڵی رەشەوە خۆپیشاندان ساز دەكەن, لەكوردستانیش پاش وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی لەوەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان, لەگەڵ سەرجەم رێكخراوە هاوكارو هاوئاهەنگەكان بەو بۆنەیەوە ڕۆژی 2006/8/21 لەهەردوو كۆمەڵگەی شۆڕش و رزگاری خۆپیشاندان سازدەكەن، لێرەوە داواكارین كەوا هەرچی لەتوانادایەو هەرچیمان لەدەست دێت، بۆ ئەو ڕۆژە مێژووییە بادرێغی نەكەین، بەشداریكردنمان لەم خۆپیشاندانە یان بەلایەنی كەمەوە لەسەرجەم شارو شارۆچكەكانی كوردستانی عێراق و پارچەكانی تر پەرچەم و ئاڵای رەش لەسەربانیماڵەكانیان هەڵبواسن و هەرهاوڵاتییەك لای خۆیەوە بۆ گوزارشت لەكارەساتی ئەنفال دەتوانیٚ پارچەیەكی رەش لەبەرۆك بدات, هەموو ئەمانە جگەلەوەی بەكردەوە رێزگرتنمانە لە قوربانیانی ئەنفال،لەهەمان كاتدا پشتگیریی لەهەموو ئەو هەوڵانە دەكەین كەلەشوێنە جیاجیاكانی كوردستان و دەرەوە بۆ ئەو بۆنەیە چالاكی دەنوێنن و لەهەمانكاتیشدا ریسواكردنی هەموو ئەوكەسولایەنانەیە دەستی راستەوخۆو ناراستەوخۆیان لەئەنفالوجینۆسایدكردنی كورددا هەیە.

بۆیە داواكارین، ئەو ڕۆژە بكەینە ڕۆژی وەرچەرخانێكی گرنگ لەنێوان كارەساتوهەستانەوە بەرووی هەموو جۆرە زوڵمێك بەرامبەر مرۆڤ ومرۆڤایەتی. هەروەها داوا لەهەموو رێكخراوە جەماوەرییو پیشەییوهونەرییەكانیش دەكەین، پێكەوە ئەو كارە بكەین و ئەو بۆنەیە بەرێزگرتنێكی شایستە بەڕێوەبەرین.

**ناوەندی هەڵەبجە (چاك) لەكوردستان     سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوە**

5/8/2006